# زانایان ڕاستییەکی سەرنجڕاکێش لەسەر ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد ئاشکرا دەکەن



ئەم نووسراوەیە خۆی بەو تەوەرانەوە خەریک دەکات:

د. ن. ئای نەتەوەی کورد

ژێنێتیکی کوردی

سەرچاوەی ڕەچەڵەکی کورد

مێژووی کورد و ئەنجامی پشکنینی د. ن. ئا

وەرگێڕانی لە زمانی ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە)، پاییزی ٢٠٢٥ی زایینی

چیرۆکی نەگێڕدراوەی گەلی کورد لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتووی زانستی د. ن. ئا"DNA"وە ڕاستییەکی سەرنجڕاکێش بۆ زانایان سەبارەت بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد ئاشکرا دەکات و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی ڕەچەڵەکی ئەو نەتەوەیە ڕوون دەکاتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاییترین شارستانیەتەکانی ناوچەی میزۆپۆتامیا. با بزانین باوباپیرانی کورد چلۆن پەیوەستن بە گەلانی کۆنی وەک ماد "Meder"، سۆمێر، هورییەکان "Hurritern" و ئەوانیترەوە.

بەو پشکنین یاخود دۆزراوە زانستییە زانایان دەیسەلمێنن نەتەوەی کورد بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی ڕەچەڵاکییان بە نەتەوەکانی فارس، تورک یان عەرەبەوە نییە، بەڵکوو سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی گەلیک کۆنتر. (د. ن. ئا) کەیان ڕاستییەک دەخاتە ڕوو کە دەبێ مێژووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوێن بە شێوازێکی نوێ لەسەرڕاوە بنووسرێتەوە.

زیاتر لە چەندین سەدەیە لەسەر سەرچاوەی ڕەچەڵەکی کورد باس و لێکۆڵینەوە دەکرێت. سیاسەتوان، مێژووناسان و تەنانەت ئەو حکوومەتانەی کوردیان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کردووە، بە تەواوی توانایی خۆیانەوە هەوڵیان داوە نەتەوەی کورد بە شێوەیەک بناسێنن، کە لەگەڵ ڕاستەقینەی مێژوویی خۆیدا ناگۆنجێت.

بەڵام ئێستا زانستی مودێرن باس لەسەر ڕەچەڵەکی کورد دەکات. ئەو شتەی باسی لێوەدەکەن نەک هەر سەرنجڕاکێشە بەڵکوو مرۆڤ تووشی شۆک دەکات. بەڵگەی ژێنێتیکی نیشانی دەدەن نەتەوەی کورد ڕاستەوخۆ لە مرۆڤی سەرەتایی و یەکەمین وەرزێرانی ئەم هەردەوە سەرچاوە دەگرن.



مێژووی ڕەچەڵەکی کورد تەنیا بە چەند سەدەی ڕابردووەوە نالکێندرێت، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ لەدایکبوونی شارستانییەت لەسەر زەوی.

لێکۆڵینەوەی زانایان لەم دواییانەدا لەسەر شێوازێکی نوێی، و لێکۆڵینەوەی زانستیی، "د. ن. ئا"ی کوردیان لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا ئانالیزە کردووە و خستوویانەتە ژێر

لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکانی گەلێک ڕوون و ئاشکرا بوون: "نەتەوەی کورد هیچ پەیوەندییەکی بە عەڕبەوە نییە، لە نەتەوەی تورکەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، هەروەها فارسیش نین کە ڕابردووی خۆیان لەبیرچوویێتەوە.



لە جیاتی ئەمانە بە پێی بەڵگە زانستییەکان نەتەوەی کورد پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکانی ئانتیک هەیە. "د. ن. ئا"کەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس، ئەو شوێنەی یەکەم مرۆڤەکان فێری کاری کشتوکاڵیی بوون.





لە ڕاستیشدا کوردەکانی ئەمڕۆیی تایبەتمەندیی بەرچاویان هەیە بتوانین بە مرۆڤی سەردەمی کۆن و بەتایبەت بە

یەکەمین وەرزێرانی ئەو سەردەمەوە بلکێنێن. کاتێ بیر لە سەردەمی کۆن دەکەینەوە: ئەو شاخانەی یەکەم کاری وەرزێرییان تێیدا بەڕێوەچووە، لەو دۆڵانەی یەکەم گوند و شارەکان پێکهاتوون، نیشتمان، زێد و مەوتەنی باووباپیرانی نەتەوەی کوردن.

بۆ ئەوەی تێبگەین ئەو پەیوەندییە چەندە قووڵ و بنەڕەتییە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی سەرەتایی مێزۆپێتامیا یان نێوچۆمان واتە ئەو شوێنەی لە نێوان دوو چۆمی دیجلە و فەرات جێی گرتووە.



هەزاران ساڵ پێش ئێستا نێوچۆمان شوێنی لەدایکبوونی گوند و شارەکان و خوڵقاندنی خەتی نووسراوەیی هەروەها سەرهەڵدانی دادپەروەریی بووە. هەر لەم شوێنە سۆمێرەکان زیارەتگەیان خوڵقاند، بابلییەکان کتێبی یاساییان نووسی و ئاشووڕییەکان ئیمپڕاتۆرییەتی بەهێزیان دامەزراند. هەروەها

ڕاستەوخۆ لە پەنا ئەم شارستانییەت و لە داوێنی شاخەکانیدا پێشینیانی نەتەوەی ئەمڕۆیی کورد ژیاون.



تاقمێک لە مێژووناسان نەتەوەی کورد بە هۆرانەکانەوە دەلکێنن کە مرۆڤی سەردەمی کۆنی باکووری ناوچۆمان بوون، هەندێک لە زانایان، بە مادەکانەوە پەیوەندیان دەدەن کە خەڵکانی هیندوئێرانی بوون و بوونەتە هۆی ڕووخانی ئیمپڕاتۆڕیی ئاشووڕەکان.

نەتەوەی کورد تەنیا لە خێڵێکی کۆنەوە سەرچاوەی نەگرتووە. بەڵکوو هەڵگری"ژێن"ی میراتیی چەندین خێڵی کۆنی ئەو ناوچانەیە کە تێکەڵاو بە یەکتر بوون و بەهۆی پارێزگاریی شاخەکانی دەوروبەریانەوە لەدەوری یەکتر کۆببوونەوە. سەدان ساڵە مرۆڤی دەرەوەی ئەو بازنەیە لەسەر ڕەچەڵەکی کورد باس و لێکۆڵینەوە دەکەن کە لەڕاستیدا کورد کێن و لە کوێوە هاتوون؟ تاقمێک دەڵێن زۆر بە هاسانی کورد "تورکی کێوین"، هەندێکیتر نەتەوەی کورد بە فارسەکانەوە دەچەسپێنن کە گۆیا ئاخافتنیان لە دەست داوە، تەنانەت تاقمێکیش دەڵێن کورد مرۆڤی بە نەتەوە

عەرەبن کە کۆچیان بۆ باکووری ناوچەکە کردووە، بەڵام زانستی نوێ هەموو ئەو بۆچوونە کۆن و خوڕافاتانەی پووچەڵ کردەوە. نەتەوەی کورد شاخەیەک لە نەتەوەکانیتر نییە بەڵکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆیە بە مافی ئینسانی خۆیەوە. "د. ن. ئا" کەیان نەک هەر لە جیرانەکانیان جیایان دەکاتەوە، بەلکوو تایبەتمەندییەکی تەواو جیاوازیان پێ دەبەخشێت.

لێرەدا تەنیا جیاوازیی خوێنی نییە، بەلکوو ئەم جیاوازییە بە ڕاشکاویی کێشەیەکی ناسنامەییە. بۆ نەتەوەی کورد کە لە مێژووی ڕابردوویدا چەند جارێک بەڵێنی وڵاتی سەربەخۆی پێدراوە، ئەم دۆزینەوەیە پشتڕاستکردنەوەیەکی مانا دارە کە بە درێژایی مێژوو لە ڕێگای گێڕانەوەکانیان بەردەوام جەختیان لەسەر کردووە: نەتەوەی کورد گەلێک کۆنترە لە ئیمپڕاتۆرییەتەکانی دەوروبەریان.

ئێستا با پرسیارێکی هەستیار بکەین: چ دەقەوما ئەگەر نەتەوەی کورد خاوەنی وڵاتی خۆی بایە؟



لەبەر چاوی خۆتانی بگرن، نەتەوەیەک کە بە پشتبەستن بەو ڕابردووە کۆنەیەوە یەکێکە لە کۆنترینی شارستانییەتەکان، نیشتمانێکی هەبایە کە لە شاخەکانی زاگرۆسەوە خۆی بڵاوکردبێتەوە و پڕ بێ لە سەرچاوەی ئاو، نەوت داب و نەریت و کولتوور. وڵاتێکی ڕزگارکراو کە لەژێر گوشاری ئاشووری، فارس، عەرەب و عوسمانی هاتبنە دەر و لەسەر پێی خۆیان وەستابن.

ئەمە بۆ زۆرینەی نەتەوەی کورد لە خەون و خەیاڵ گەلێک زیاترە. چارەنووسیان گۆڕانی بەسەر مێژوویاندا هێناوە. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کاتێک ئیمپراتۆرییەکان ڕووخان و وڵاتانی نوێ لەسەر نەخشەکان دیاری کران، بەڵێنی وڵاتێکی سەربەخۆ بە کورد درا، بەڵام دواتر بەڵێنییەکایان شکاند و لە جیاتیانە کوردستانیان بەسەر چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریادا دابەش کرد.



چلۆن دەبوو نەتەوەیەک بە "ژێن"ی تایبەت بە خۆی وڵاتێکی سەربەخۆی پێکبهێنابایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا ڕەوتێکی مێژوویی نییە بەڵکوو هیوادارییەکە و تیشکی ئەم ئاگرە لە ناو دڵی ملیۆنان کورددا بڵێسە دەدات. لە شاخەکانی زاگرۆس، مەوتەنی کوردان، کۆنترین مرۆڤ ئاسەواری خۆیان بەجێ هێشتووە. لە ئەشکەوتی شانەدەر "Shanidar" کە لە باشووری عێراق و نیزیک شاری هەولێر هەڵکەوتووە، زانایان گۆڕی مرۆڤی نئاندرتاڵیان دۆزیوەتەوە کە ٦٠ هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ لەوێ ژیاون.





زانایان گۆڕی مرۆڤی نئاندرتاڵیان لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزیوەتەوە کە نیزیکەی ٦٠ هەزار ساڵ بەر لەمڕۆ لە نیزیک شاری هەولێر ژیاون.

دواتر کاتێ مرۆڤی مودێڕن ئەو ناوچانەیان داگیر کرد، لە هەمان ئەشکەوت و دۆڵ و کون و کەلینی ناوچەکەدا جێگیر بوون، دەستیان کرد بە چاندنی گیا و گەنم و میوەجات و بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵی و پێکهێنانی گوند و شارەکان.

نەتەوەی کورد چەشن مرۆڤێکی نوێ و تازەپێگەیشتوو نەبووە، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەشەسەندنی مرۆڤ. کاتێک مرۆڤ بەناو مێژووی پێشووی

ئەو سەردەمەدا پیاسە دەکات، زۆر بەڵگە دەدۆزێتەوە کە دەتوانێ مێژووی کۆنی ناوچەکەی پێ ڕوون بکاتەوە. لە یارمۆ "Jarmo" یان قەڵاتی باشووری کوردستان لە پارێزگای سولەیمانییە زانایان یەکەم گوندی وەرزێریی ئەو سەردەمەیان دۆزیوەتەوە. مرۆڤ لەوسەردەمەدا ئاردیان لە گەنم دروست کردووە، بزنیان بەخێودەکردووە و یەکەم خانووی سەرەتاییان دروست کردووە.





لە ناوچەی هاوشێوەی ئەو جۆگرافیاییەدا لە تەپۆڵکەی گوبێکلی "Gobekli" لە باکووری کوردستان مرۆڤی سەرەتایی بەردیان تاشیوە و کاری هونەرییان لەخۆ بەجێهێشتووە، پێش ئەوەی شارەکانیان پێکهێنابێت. ئەمانە تەنیا شوێنێکی بە هەڵکەوت لەسەر نەخشە نین، بەڵکوو شوێنی پەنجەی باووباپیرانی کوردی ئەمڕۆیین و زنجیرە و هێڵی ژیانێک نیشان دەدەن کە لە یەکەم وەرزێری سەرەتایی ئەو ناوچەیەوە تا مرۆڤی مودێرن کە شاخەکانی زاگرۆس بە نیشتمانی خۆیان دەزانن، هیچکات لێک نەپچڕاون و لێک دانەبڕاون.

نەتەوەی کورد بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جیرانەکانیان لە چ دۆخێکدان؟ ڕەنگە لەگەڵ نەتەوەی عەڕەب ڕەچەڵەک یاخود سەرهەڵدانێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام سەرچاوەی د. ن. ئا و کۆی ژێنێتیکی(Genpool)[1]ی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مرۆڤی کۆنی ناوچۆمان "مێزۆپێتامیا". هەروەها ڕەنگە لەگەڵ فارسەکان میراتی هیندوئێرانیی هاوبەشیان هەبێ، بەڵام نەتەوەی کورد بە پێی بەڵگە دۆزراوەکان پەیوەندیی زیاتریان بە خەڵکانی کۆنی دەوروبەری شاخەکانی زاگرۆسەوە هەیە. لەگەڵ تورکەکان ئەم جیاوازییە گەلێک ڕوون و بەرچاوترە. نەتەوەی تورک لە باووباپیرانی ناوچەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە سەرچاوەیەن گرتووە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کورد، ئەرمەنی و ئاشووریەکان لە پەیوەندیی ناوچە بە پیت و بەرەکەتەکانی نێوچۆمان پێکەوە گرێ دراون، شتی هاوبەشیان هەیە، بۆ نموونە هەموویان لە داوێنی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس و لە نیزیک یەکتردا ژیانیان کردووە، هاوکات نەتەوەی کورد ناسنامەی ژێنێتیکی خۆیان بە تەواوی پاراستووە.

لەگەڵ کۆچی مرۆڤ لە ناوچەکانیترەوە بۆ ناو خەڵکانی دەوروبەر، نەتەوەی کورد بەهۆی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆسەوە پارێزراو ماونەوە و ناسنامەی خۆیان لەدەست

---

[1] کۆی ژێنەکان بریتییە لە کۆی هەموو ژێن و ئالێلەکانی دانیشتووان یان چەشنێک مرۆڤی زاوزێکەر.

نەداوە. بۆچی توانیان خۆیان بپارێزن و بە تەنیا بمێننەوە، وەڵامەکەی پەیوەندیی بە دۆخی جێۆگرافیی ناوچەکەیانەوە هەیە. زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس هەم پتەو و هەم پارێزەر بوون. ئەم بەربەستە جوگرافییە نەتەوەی کوردی لە هێرشی بێگانەکان پاراست و هاوکاتیش ناچاری کردن تەنیا باوەڕیان بە خۆیان هەبێ و بەستراوە بە خۆیان بن. شاخەکان بوونە هۆکار بۆ لێهاتوویی خۆڕاگریی.



هاوکات لەگەڵ ئەوەی لەو ناوچە بە پیت و بەرەکەتەدا چەندین ئیمپڕاتۆڕیی مەزن سەریان هەڵدا و ڕووخان، نەتەوەی کورد بەردەوام لەسەر شاخ و ناو دۆڵ و ئەشکەوتەکانی پارێزراوی زاگرۆس لە ژیاندا مانەوە. د. ن. ئا کەیان وەک یەکەیەکی قایم و پارێزراوی کاتیی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمەیان لەخۆیاندا ڕاگرت، بە شێوەیەک کە یەکەم مێژووی شارستانییەتی جیهانیی لەخۆیدا پاشەکەوت کرد.

کاتێک فارسەکان یەکەم ئیمپڕاتۆڕیی خۆیان پێکهێنا مادەکان کە زۆرجار مێژووناسان و زانایان بە نەتەوەی کوردیانەوە دەچەسپێنن، بەشدارییەکی بەرچاویان لە کاروباری حکوومەتی ئەو سەردەمەدا کردوە و ڕۆڵیکی سەرەکی و کلیلییان لە پێکهێنان و ئیدارەکردنیاندا گێڕاوە. سەرەڕای ئەوەش شاخەکانی دەوروبەریان دۆخێکی پارێزراوی بۆ پێکهێنابوون، شوێن و ژینگەیەک کە توانیویانە درێژە بە ژیانیان بدەن، تەنانەت ئەگەر سەرکردە، فەرمانڕەوا یان پاشا زاڵمەکانی وڵات لە پێتەختە دوورەکانەوە حکوومەتیان کردبێت.

کاتێکیش حاکمانی عەرەب هیرشیان کردە سەر ئەم ناوچانە، بەتایبەت ئایینی ئیسلام خۆی بەسەر هەموو وڵاتدا بڵاو کردەوە، هەروەها سالاسەی جۆراوجۆر پێکهاتن، هەرگیز نەیانتوانی نەتەوەی کورد بسڕنەوە. سەرکردە کوردەکان وەک ژێنڕاڵ یان ڕاهێنەر لە زۆربەی ئەم هێزانەدا بەشدارییان کردووە، لە دۆڵ و شاخ و لادی و شار، کولتووری خۆیان پاراستووە و بەردەوام هەستێکی تایبەتیان هەبووە کە لە خەڵکانی دەوروبەر و جیرانەکانیان جیایان کردۆنەتەوە و تایبەتمەندییەکی دیاریکراویان تێدا پێک هاتووە.

چەندین سەدە دواتر هێزدارانی جیهانی، حاکمانی عوسمانی و ئێرانی وەک یاریی شەترەنج شەڕیان لەسەر خاکی کورد کردووە و بۆ داگیرکردنی شوێنی ژیانی کورد و سڕینەوەی ئەم

نەتەوەیە بەردەوام هەوڵیان داوە. شەڕ بەردەوام پێکدەهاتن، سنوورەکان لە گۆڕان دابوون و پاش و پێشیان پێدەکرا، سوپاکان هێرشیان دەهێنا و پەیماننامەی نوێ دەبەستران. بەڵام لەناو ئاگر و دووکەڵی ئەم هێرشکارییانەدا دەنگی ڕەسەنی نەتەوەی کورد لەناو دۆڵ و شاخەکانی دەوروبەریان بەردەوام دەنگی دەدایەوە. ئەمە بەردەوام نەخشە یاخود هێڵێکی ئاشکرای مێژوویی نەتەوەی کورد بووە.

ئیمپڕاتۆڕی و حکوومەتەکانی دەوروبەریان بەردەوام پێکدەهاتن و هەمیسان پووچەڵ دەکرانەوە، بەڵام د. ن. ئای ئەمرۆییان بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ لە ژیان مانەوەیان لەناو ئەو هەموو ئاگر و کوشت و کوشتارەدا. باوەڕ بە خۆیی بەردەوام بەشێکی سەرەکی بووە بۆ مانەوەیان لە ژیاندا. لەمڕۆدا زۆرینەی مرۆڤی کورد ئایینی ئیسلامیان هەیە، بەڵام بەشێکیشیان ئایینی جیاوازیتریان هەیە وەک زەردوشتی یان ئیزەدیی کە یەک لە کۆنترین ئایینەکانی جیهان لە ئەژمار دێن. ئەوان ڕەنگ و بۆنی خودایانی مێژۆپێتامیایان پێوەیە، ڕێزگرتن لە ئاگریان پیشە کردووە و ڕێوڕەسمێکی ئایینیان پێکهێناوە کە ماوەیەکی زۆر پێش ئایینی ئیسلام یان مەسیح لەم ناوچانەدا باو بوون.

لە ئایینی ئیسلامیشدا ناوی مرۆڤی کورد دەنگی داوەتەوە، ناودارترینیان سەلاحەدینی ئەیوبییە کە موسوڵمانانی

یەکخست و دژ بە خاچپەرەستان چەندین شەڕی بەڕێوەبرد و شکەستی پێهێنان.

لە دەرەوەی گۆڕەپانی هێز و سیاسەت، لە شار و گوندەکان مرۆڤی کورد درێژەی بە ژیانی دا، نەورۆز واتە نیشانەیەکی ڕێزگرتن لە هاتنی بەهار، جێژنی سەرکەوتنی گوڵ و سەوزایی بەسەر سەرما و سەخڵەت، سەرکەوتنی ڕۆشنایی بەسەر تاریکییان بەرز ڕاگرتووە. ئەم ڕێوڕەسمانە بە قەرز وەرنەگیراون، یان لاسایی نەکراونەوە، ئەمانە بەشێکی بچووکی یادەوەرییەکانیانە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە ناو کولتوور و داب و نەریتی خۆیان ڕایانگرتوون. زانستی ژێنێتیک تەنیا لایەنێکی مێژووییە، کولتوور و دابونەریت لایەنەکەی دیکەیەتی. زمانی کوردی یەک لە زمانە هیند و ئێرانییەکانە و پەیوەندیی لەگەڵ ئێرانی کۆن هەیە. مۆسیقای کوردی سۆز و دەنگی ڕەسەن، ریتم و ئامێری ناوچەکە لەخۆ دەگرێ کە ساڵیانی درێژە لە لایەن مرۆڤەوە وەچە بە وەچە بە نەوەی نوێ دەسپێردرێت.

مێژووی گێڕاوەی زار بە زاریان لەسەر شەڕ، شەڕکەر، خۆشەویستی، دەربەدەری، ڕاوەنانیان بۆ هەندەران و مانەوەیان لە ژیاندا ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیانی خولْقاندووە و هەستی نەتەوەیەکی سەربەخۆی تێدا پێکهێناون.



بەڵام بۆچی ئێمە لەمرۆدا تامەزرۆییمان بۆ گێڕانەوەی مێژووی نەتەوەی کورد هەیە؟ چونکە مێژوو تەنیا ڕابردوو لەخۆ ناگرێت. بەڵکوو مێژووی ئێستاشیان دەگرێتەوە. لەمڕۆدا کورد بەسەر وڵاتانی ئێران، عێڕاق، تورکیا و سووریادا دابەش کراون و زۆرینەیان لەو چوار وڵاتەدا دەژین. کورد لە هەر چوار وڵاتەکە کەمینە پێکدێنن و بەردەوام بەرگری لە سەربەخۆیی، ئاسیمیلەکردن و سڕینەوەیان لە هەنبەر زۆردارانی وڵاتەکانیان دەکەن. تاقمێک لەو حاکمانە تەنانەت حاشا لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد دەکەن. بەڵام لەمڕۆدا زانست پێچەوانی ئەو بۆچوونەیان دەوەستێ. (د. ن. ئا) کەیان بەڵگەیە بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد دۆزینەوەیەکی سەردەمی نوێ نییە، بەڵکوو کورد نەوەی یەک لە کۆنترین مرۆڤی سەر زەوییە. ئەمە بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان بە بوونی کورد نییە، ڕاستەقینەیەکی گەلێک تاڵە.



کورد نەک هەر پێکهاتەی نەتەوەی فارس، تورک و عەرەب نییە، بەڵکوو وەک کۆڵەکەی سەرەکیی و مێژووی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێت. زانایان د. ن. ئا. کەیان بەو مرۆڤانەوە دەچەسپێنن کە یەکەم کەس بوون کاری وەرزێری، کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان دۆزیوەتەوە، یەکەم گوند و شارەکانیان دروست کردووە و یاساکانی مرۆڤایەتی و شارستانییەتیان خوڵقاندووە. لە خوێنیاندا ئەزموون و بیرەوەرییەکانی ناوچۆمانیان پاشەکەوت کردووە و شاخەکانیان شوێنی ژیانی کۆنی مرۆڤایەتی وەبیر مرۆڤ دەخەنەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووەکەیان شتێکی گەلێک سەرنجڕاکێشتر وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو هەموو شەڕ و پێکدادانەی حاکمانی جیهانی کە لەسەر خاکی کورد پێکیان هێناوە، نەیانتوانی نەتەوەی کورد و ناسنامەکەی بسڕنەوە. ئەم هێزی ناسنامەییە بە شێوەیەکی ئارام و بێدەنگ لەناو دڵی هەر کوردێک هێلانەی کردووە.

هەرکات لە داهاتوودا کەسێک پرسیار بکات، کورد کێیە؟ وەڵامەکەی گەلێک ساکارە: کورد هەڵگری یەک لە کۆنترین مرۆڤی زیندووی سەر زەوییە کە پەیوەندایەتیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ یەکەم شارستانییەتی جیهاندا هەیە. ئەم بۆچوونە مێژوویەکی ساکار نییە، ئەمە مێژووی لەژیاندا مانەوەیە.

چەند ساڵ پێش ئەمرۆ زانایەکی وڵاتی نەمساو لێکۆڵینەوەی لەسەر خەڵکانی ناوچۆمان کردووە و بە ئەزموونێکی هاوشێوە گەییشتووە. فردیناند هێنربیشلر لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٦ ی شاری لینزی وڵاتی نەمساو، لە زانستگەی شاری ڤیەن لە بواری مێژوو و زانستی زمانناسیدا دەرسی خوێندووە (١٩٦٥ تا ١٩٧٣)، لە حەفتاکانی سەدەی بیستەوە بە تایبەت خۆی بە کولتوور و مێژووی نەتەوەی کوردەوە خەریك کردووە و لە ساڵی ١٩٧٦ بەولاوە بە شێوەی بەردەوام چەندین کتێبی لەسەر نەتەوەی کورد بڵاو کردۆتەوە. (بۆ وێنە، دوو کتێبی بریتین لە: ئازادکردنی بارمەتە لە کوردستان "Geiselbefreiung in Kurdistan" و مردن بۆ ئازادی "Sterben für die Freiheit". ساڵی ٢٠١٠ کتێبی "ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد"ی بڵاو کردەوە. هێنربیشلر لە ٢٧٠ لاپەڕەی کتێبەکەدا بە شێوەی زانستی هەوڵی داوە سەرچاوەکانی ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد بە یارمەتی زانیارییە زانستییەکانی (د. ن. ئا) ڕوون بکاتەوە. (تایبەتمەندیی کتێبەکە: ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد، هەواڵێکی خەڵك ناسی،

کۆکراوەیەك لە بڵاوکراوەکانی مرۆڤ ناسیی مێژوویی لە شاری ڤیەن، بڵاوکراوەی ڕۆژی بیستەمی مانگی جولای ٢٠١٠)

ناوبراو بەو تاقیکارییە زانستییەی وا لەسەر نەتەوەی کوردی بەڕێوەبردووە، نەك هەر باسێکی نوێی لەسەر ڕەچەڵەکی نەتەوەی کوردی هیناوەتە ئاراوە، بەڵکوو لەڕێگای پەیوەندایەتی زانستی کەونارناسی لەگەڵ پشکنینی ژێنێتیکی و زانستی زمانەوانییەوە، زنجیرە بەڵگەیەکی خستۆتە ڕوو کە لە ئەنجامیدا نەتەوەی کورد تەنیا وەك خەڵکانی کۆچەری ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەیر ناکات، بەڵکوو بە وەچەی ڕاستەوخۆی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەرەوەی سەردەمی بەردین و نئۆلیتیك"neolithisch" ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەناسێنێت.[٢]

---

[٢] ئەو بۆچونە پێشتریش هەبووە بەڵام بەڵگەی ژێنێتیکی لەگەڵدا نەبووە. مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ دوای پشکنینی دەیان سەرچاوەی ئورووپایی و عەڕەبی، ڕەچەڵەکی کورد دەباتەوە قەومی لوللو، گۆتی، کاسای و سوبارۆ (هوری)، کە کۆتایی باشووری ڕۆژهەڵاتی خاکەکەیان شوێنی عیلامییەکان بووە ئینجا لە قسەکانی خۆی بەم شێوەیە ئاکام وەردەگرێت: "... ئەم ئەقوامە (بێجگە لە عیلامی) ، ئەبێ ئەسڵی هەرە کۆنی کورد بن کە لە ئەدواری سوممەری و ئاکادی و لەمبادیی دەوری ئاسوریدا فەعالیەتی سیاسیان بینراوە. لافاوی موهاجرەتی عونسوری هیند و ئەوروپی یا "ئاری" بۆ زاگرۆس ... ئەبێ بەقایای ئەهالیی ئەسڵییەی زاگرۆس و کوردستانی بەرەبەرە خستبێتە ژێر نفووزی خۆیەوە و کردبنی بە ئاری ..." (محەمەد ئەمین زەکی، "کورد و کوردستان"، جلْد ١ و ٢ و ٣، چاپی بەغدا ١٩٣١، لە چاپدانەوەی انتشارات سیدیان، مەهاباد، ساڵی ١٩٧٩، فەسڵی دووهەم، بەرگی یەکەم، "منشآ کورد"، لاپەڕە ٦٣) زۆر توێژێنەری ئورووپی هەر لە کۆنەوە بنەمای کوردیان گەڕاندۆتەوە بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئارياييەکان. بۆ نموونە، درایڤر "G R Driver" لە دۆزینەوەی بنەماکانی وشەی "کورد" دا، دەیباتەوە سەر "قەردە"ی سومەری و "قورتی" ی ئاشوری کە سەردەمیان نزیکەی دوو یان سێ هەزارە پێش هاتنی ئارياييەکان بووە.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

پاییزی ساڵی ٢٠٢٥ی زایینی

وەرگێڕانی : نادر فەتحی (شوانە)

سەرچاوە: https://www.youtube.com/watch?v=I_Snw٠٠UDas

ئەم ویدیۆیە کە مانگی سێپتامبری ساڵی ٢٠٢٥ لەسەر یوتیوب دانراوە، لە لایەن ماڵپەڕی (Human Discovery)وە بڵاوکراوەتەوە:

https://www.youtube.com/@humandiscoveryy